www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کۆبونەوەی گروپی هەشت لە ئەڵمانیا ... مۆراد موبرەیی

هەر وەکوو هەموو جار کۆبونەوەی هەشت وڵاتە سەرمایادارەکەی دونیا بۆ قسەکردن لە سەر روداوەکانی جیهان و گۆرانکاریکانی بڕیار درا کە ئەم جارە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەنجام بدرێ. بەڵام چاوەروانی ئەوەی لێ نەدەکرا کە بەو شێوازەخەڵك بچنە سەر چادەو دروستکردنی وێنەی سەرۆك و بەشێوازی گاڵتەپێکردنیان و سوتانی سەیارەو بە بریندار بونی 1000هاوڵتی و بە بریندار بونی 100 لە پۆلیس و کۆماندۆی ئەڵمانی.

داواکردنی خەڵك و بەشداربوان ئەوا بووکە با ئتر شەڕو داگیرکردن لە پێناو مادەو سەرخستنێ دەسەڵت نابێت.

داوایان ئەکرد با چەنگ بکرێ بۆ نەهێشتنی برسێتی و بڵاو نەبونەوەی زیاتری نەخۆشی ئایدز کۆمەك بۆ وڵاتانی دواکەوتو هەژارکەرۆژانەلە چیهاندانزیکەی300 منداڵ لەبرسێتی ولەوازی دەمرن.

وە داوا ئەکراجێ بەجێ کردنی ژیانێکی خۆش بۆ خەڵکی پەنابەران دروست بکرێ بتوانرێ کە ژیانیان باشتر بکرێ وەبتوانن کە واکوو خەڵکی ئاسایی سەیریان بکرێ رێگەی خوندن و کاریان پێ بدرێ.

وا بڕیارەکە ئەم داواکردنەی خەلك تا رۆژی پێنج شەمە بەردەوام بێت واتە7-06-007 تا وڵاتانی سەرمایەدار ببینن کەخەڵکانێك هەن نەك بۆ خۆشی خۆیان بگرە بۆ کەسانێك کە لە وڵاتانی هەژار و نەدار بتوانرێ ژیانیان خۆش و باش بکرێ..

ئالێردا ئەوەم بەدیی ئەکرد کە میلەتی ئێمە کە کوردە لەوەتەی هەبونی خۆی دەزانییێت هەمیشە حەزی بەخۆشی بەرامبەرەکەی کردوە.

واتەئکرێ بووترێ ئێمەش یەکێکین لەم خەڵکانە کەنەك حەزی بەخۆشی خۆی بگرەهەمیشە بۆ خەڵکی دەوروبەری هەوڵی داوا..

قەت هەوڵی داگیرکردنی نەداوەو قەد حەزی بەئازاری میلەتیێکی تر نبوە.

بەڵام ئەی هەمیشە وەڵامی دەوروبەرمان چی بووە بۆ کوردو سەرکردەکانی؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.